شارەوانی سلێمانی کێبونەوەی ئاسایی هەفتانەی خۆی ئەنجامدا و ژمارەیەك بڕیاری دەرکرد

ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی کێبونەوەی ئاسایی هەفتانەی خۆی ئەنجامدا و ژمارەیەك بڕیاری دەرکرد، ئەندامانی ئەنجومەنیش پرۆژەیەکیان پەسەندکرد کە چەندین کارگەی بچوك لە خۆدەگرێت و دەبێت هۆی بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازیی و ڕەخساندنی هەلیکار.

ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "ئەمڕۆ پێنجشەممە ئەنجومەنی شارەوانی بەسەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبونی جێگر و زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن کێبونەوەی ئاسایی ئەنجامدا، نوێنەری داواکاری گشتیی لە بەشێك لە کێبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی شارەوانیی بەشداربو".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "گفتوگۆکانی ئەمڕۆی کارنامەی کێبونەوەکە خرایەڕو کە خۆی لە پەسەندکردنی چەندین بڕیاردا بینییەوە، هەروەها زۆرێك لە مامەڵەی هاوڵاتیان خرایە گفتوگۆوە کە نزیکەی 50 مامەڵە بو، زۆربەی خاوەن مامەڵەکان ئامادەبون و لە بە گەیاندنی کێشەو گرفتەکانیان بە ئەندامانی ئەنجومەن".

دەشێت، "دوای تاوتوێکردنی کێی مامەڵەکان و داواکاریی هاوڵاتیان، ئەندامانی ئەنجومەن

بۆیاری پۆویستیاندا لەسەر سەرجەم مامەڵەکان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان، پاشان چەند داواکارییەکی وەبەرهێنان بە ئامادەبونی بەشێك لە وەبەرهێنەکان تاوتوێکران و بۆیاری پۆویستیان لەبارەوەدرا".

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، دواتر ئەندامانی ئەنجومەن ئاماژەیاندا بە دانانی چەندین (مۆز و عەرەبانە و کشك) بە نایاسایی کە زۆربەیان کاری خواردەمەنی لەسەر دەکرێت، کە ئەمەش لە ڕوی تەندرستیەوە ڕێگەپێدراو نین و لە هەمانکاتدا دەبنە هۆی بۆاوبونەوەی نەخۆشیی و ناشرینکردنی سیمای شارەکەمان بە تایبەتی شستەو شەقامەکان، هەروەها بەجێهێشتنیی خۆڵ و چەوریەکی زۆر لە شوێنی کارکردنیان کە دژی یاساکانی شارەوانییە و پۆویستکرا ڕێکاری یاساییان لە بەرانبەر بگیرێت".

لە تەوەرێکیتردا گفتوگۆ کرا لەسەر بەرەو پێشچونی کەرتی پیشەسازیی و گرنگیی پێدان بەو سێکتەرە کە پۆویستە بەرەو پێش ببرێت، هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەندامانی ئەنجومەن پرۆژەیەکیان پەسەندکرد کە چەندین کارگەی بچوك لە خۆدەگرێت و دەبێت هۆی بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازیی و ڕەخساندنی هەلیکار، هەروەها بۆیارێك پەسەندکرا کە دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی ڕیکلام لەسەر بینا بازرگانییەکان بەشێوازێکی سەردەمیانەو بە کوالێتیەکی بەرز.